# هەڵەبزە!

## (غەسسان بێرەدا تێپەڕی)

عزەدین زەکیزادە



ئاگراوێژ نیشتمانێک دەخاتە بەر سێرە.
دنیا سێڵفی لەگەڵ دەگرێ!
کفن بە مردن ڕاناگا!
شارێک دەبێتە خۆڵەمێش.
نەفەس لەبن تاوێرە چیمەنتۆ
ناگاتە گەرووی هیچ بەلەنگازێک.
شارێک دەبێتە بەری دەست.
دیرۆکەکان دەیگێڕنەوە.
داستانی ئەو جەنگاوەرانەی
غەززەیان پێ نەگەڕاوە، دەگێڕنەوە،
دەیگێڕنەوە،
ناڵەی برینی ناو کاولان،
سینەی شیر لەبەر ڕۆییشتووی بێچوو بزر،
مزگەوتە بێ نوێژە بێنوێژبووەکان،
نوێژە نێژراوەکان،
نوێژە لە دوور بێژراوەکان.
سەرپۆشی کەنەفتی بن گڵ،
گڵی گردەوەبووی کەللەپۆش،
کەللەسەری چاو چاوەڕێ،
چاوی لەئومێد چووەوە،
ئومێدی پشوو تەنگی شەهید..
دەگێڕنەوە.
دیرۆک لە دەیان چیرۆکدا،
چیرۆک لە دەیان دێڕی خوێن،
خوێن لە زامی دەیان کۆڵان،
کۆڵان لەبن باڵی سووتاوی شار..
شار بەسەر شانی شکاوی خەڵکەوە
دەگێڕنەوە..

شارێک هەبوو،
وەک هەڵەبجە بەبێ خەتا
خشتوور کرا.
هەینێ لە گەڕەکێکی سلێمانی
لە ماڵی شاعیرێکی گەرمیانی
غەسسانی کەنەفانی..
بە قژی لوولی ئاڵۆزتر لە تەونی ستەمی دنیا،
بە چاوێکی ڕەشتر لە ڕۆژی هەڵەبجە،
لە دیوانی لەتیف هەڵمەت دێتە دەرێ و
بێڵێک لە هەڵەبجە وەردەگرێ.
بێڵێک گڵی تەرمی بن گڵ بناستەوە.
بێڵێک فێربێ گۆڕی نادیار هەڵداتەوە،
بێڵێک نالەی بریندارانی بیستبێ تا شەهیدبوون،
بێڵێک زیرەی زارۆیانی وەبیرمابێ هەتا مردوون،
بێڵێک بزانێ نەژنەوێ لە کەلەکە و کاسەسەر و
بڕبڕەی پشت.
لە کۆلارەی فڕین کوژراو، بووکەڵەی خنکاوی ناو
مشت.
بەو بێڵەوە ..
بە قەراغی هەولێرەوە ..
پێ هەڵدێنێ تا دەگاتە قەڵای دوین ..
دەستنوێژ دەگرێ،
بۆ سەفەری چوونەوە ماڵ
نوێژی ئیستیخارە دەکات.
با زین دەکات..
خولیا دەیباتەوە غەززە،
وێرانە هەڵدەداتەوە،
لەبن کەڵەکە ڕماوان..
سینەی دایکان دەبنە کانی و شیر هەڵدەقوڵێ،
غەسسان بە بێڵی هەڵەبجە جۆماڵ دەکات،
بوومی غەززە (شیردێر) دەکات.
ژیان دەچێنێت،
هێڤی بە کێڵگە وەردەکات،
خەون لە قەدی خەفەتان موتوربە دەکات،
برین دەکاتە جۆگەلە،
دەمار دەمار خاک دەکاتەوە نیشتمان.
وێرانە دەبێتە مێرغوزار،
شانەوشان گوڵ سەر دەردێنن،
گوڵی گەڵا سپیی شیری،
خونچە لە لێدانی دڵی زارۆی ترساو خێراترن بۆ
ترووکان،
گوڵستانی پاش وێرانە هەر چڵێکی دووگوڵ
دەگرێ،
گوڵێک قلێشی بردووە،
ڕەگی چۆتەوە سەر برین،
وەچەی دواتر دەیکەن بە دروشمی ئەوین،
ئەوەی دیکەیان گوڵەچاو،
گوڵەچاوی ڕوو بە خوناو،
وەک گلێنەی چاوی گریاو.
لەپاڵ هەر بڕکە گوڵێکدا
ترپە ترپی دڵی منداڵ،
داو دەداتە پشتکاغەز و ئاسمان پڕدەبێ لە فڕین،
لە دەراوی هەر دێراوێک کوڕێک قامیش هەڵدەبڕێ
بۆ بلوێر،
زەمین پڕ دەکات لە چڕین.
غەسسان بزەی لێ دەنیشێ و پشوو دەدات،
دەسکی بێڵەکە ماچ دەکا و
قەسیدەیەکی خاکناسی مەحموود دەروێش،
بە ئاوازی هۆرە دەچڕێت.